# نامەیەکی سێکسی بۆ خۆشەویستەکەم!!



ئازیزەکەم ووشە و فەرهەنگەکان هێندە تیکەڵ کراون نەمتواتی بە چ رستەیەك دەست پێ بکەم, هەرچۆنیك بنووسم و قسە بکەم پیاوە (گەورەکان )لیم دەرەنجێن! هەرچی بکەین بۆ هەرچی باشتر کردنی ژیان و گوزەرانمان دەبیت بە تابوری پێنجەم و خائین, لای هەمووشمان ئاشکرایە حوکمی ئەو جۆرە کەسانە بە مەرگ بۆ خۆی و خانەوادە و دۆستەکانی کۆتاییی دێت,هەرچەندە ئەوەش باش دەزانم کە سیکس لەم مومڵەکەتە ئیمەلە سەرەتایی لیستی قەدەغەکراوەکانە ,بەلاّم بەقوربان با بەس خۆمان تیا بچین و کیشە بۆ کەس دورست نەکەین.ئاخر من دەزانم هەموو ووشە ئاساییەکانی من و تۆ,باس کردنی ژیانی ئەمرۆیی خەڵکو دانانی بەرنامە بۆ تێکشکاندنی کۆسپ و رێگرییەکانمان,تەنانەت باسکردنی پرتە و بۆڵکانی دبك و باوکمان, لای ئەو پیاوە(گەورانە)خۆی لە خۆیدا خیانەتە!کە ئاسەواری زۆر خراپتر دەبێت لە ناونیشانی ئەم نامەیە.

ئازیزەکەم لوم نامەیەشدا دەمەوێت کەمیك گلەیی لە خۆشمان بکەم,تۆ لە یادتە ئەو رۆژە تۆ چیت دەوت؟دەتگووتئەرکی ئیمەی گەنجەکە دەبێت هەموو ئەو دوژمنانەی کە کار لەسەر کۆیلایەتی و ژیر دەستەیی ئیمە دەکەن دەبیت ناکامیان بکەینەوە,گیانە تۆ دەزانی ئەم دوژمنانە کێن؟؟تۆ لە خاوەنی ئەم فیلا و مۆبیکا و کارو کاسبیەکان دەکرد ,تۆ دەزانی خاوەنی ئەمانە کێن؟؟

بیرتە لە دەمی منت وەرگرتوە و رەخنەت لە م یاساو دەستوور و کەلتوورانە گرت کە مەقسەڵەیەکە بۆ لە گۆرنان و زیندەبەچاڵکردنی حەز و خۆزگە و هیواکانمان.تۆ دەزانی کامە هیز لە پشتی ئەم کەلتورە ووەستاوە؟؟ ئازیزەکەم ئەگەر ئەم چەند ووشەیە کەوتە دەستی ئیم پیاوە(گەورانە)کە شەمشەمە کوێر واسا رەفتار دەکەن ,دل\چنیام تەنها سەردێری نامەکە دەخوێننەوە و هەر زوو برياری خۆیان لەسەرمان دەدەن بە لادان لە یاساو ریساکانی کۆمەڵگا. تۆش بەم برِیارەیان رازیبە و با بەس خۆما`ن تیا بچین, چونکە ئەگەر ناوەرۆکەکەی بخۆیننەوە ئەوا دەبین بە خائین و ئاژاوەگێر !!بەلاّم ئەگەر دۆستان و خۆشەویستانت بینی ووش بە ووش و رستە بە رستەی نامەکەیان بۆ لیك بدەرەوەچونکە دڵنیام ئەوانیش وەکو من و تۆ هەمان موعانات و ئیش و ئازار لە ناخی خۆیاندا گنگڵیان داوە و نازانن چ شێوازیك بە کاربێنن بۆ دەربرِین ,ووشە و رستەیەکی قەدەغەنەکراو نادۆزنەوە بۆ گوزارشت کردن لە وەزعیەت و گوزەرانی خۆیان .بەڵێ با ئەوانیش لەگەڵمان بێن بۆ گۆرینی سەراپایی ئەو سیستەم و پرۆگرامانەی کە ئەم کۆمەڵگایە بە سەرە و خواری بەرێوە دەبات چونکە تەنها بە یەکگرتووی و ریکخرابوونمان ووشەکان و رستەکان فراوانتر

دەبن.

***هاوخەباتت***

***بەشدار علی***